# لە خولی نایابی کوردستان یانەی هەندرێن چاوی لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە



راپۆرتی: کاززان کانەبی

دڵشـــاد مەعـــروف ڕاهێنەری ئامادەکارییەکانی تیپـــی تۆپی پێی یانەی هەندرێن لە بارەی تیپەکەیـــان تایبەت بۆ گۆڤاری گـــوڵان گوتی: «ئەم وەرزە بۆ خولی نایابی کوردســـتان بە شـــێوەیەکی زۆر باش خۆمان ئامادە کردووە بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکەدا، ڕۆژانە مەشقێکی چڕ ئەنجام دەدەین بە بەردەوامی بۆ ماوەی دوو مانگ دەبێت، تەنیا پێویســـتمان بەوەیە کە بۆ چەند یارییەکی دۆســـتانە ئامادەکاری زیاتر ئەنجام بدەین».

گوتیشی: «گرفتی ئێمە تەنیا لە هێڵی هێرشبردنە، چونکە پێشووتر گۆڵکاری تیپەکەمان بەهۆی کێشەی خێزانییەوە ریزی یانەکەی جێهێشـــتووە، ئەوەش بۆتە گرفت بۆمان، ئەمساڵیش نزیکەی پێنج یاریزانمان ریزی یانەکەیان جێهێشتووە و ئێمەش تەنیا پێنج یاریزانمان هێناوە، نەشـــمانتوانی کەمپی مەشـــقی ئەنجام بدەین لە دەرەوەی هەرێم، چونکە کاتی خولەکە دیاری نەکرا بوو، ئەو کێشە داراییەی بەسەر هەرێمیش داهات، دەوری خۆی هەبوو، بۆیە ئەمساڵ هیچ یاریزانێکمان نەهێناوە لە دەرەوەی هەرێمی کوردســـتان و زیاتر پشـــتمان بە یاریزانانی لاوی یانەکەمان بەســـتووە، متمانەی تەواویشـــمان بە خۆمان هەیە کە دەتوانین ئەمساڵ ئەنجامی باش لە خولی نایابی یانەکانی کوردســـتان شایستە بەدەست بهێنین».

فەرهەنگ تەها کاپتنی یانەی وەرزشی هەندرێن لە بارەی ئامادەکارییەکانـــی تیپەکـــەی بۆ گۆڤـــاری گوڵان گوتی: «دەتوانم بڵێم ئەم ســـاڵ یانەکەمان گەنجترین تیپ دەبێت لە وەرزی نوێی خولی نایابی کوردســـتان، بۆیە ئامادەکارییەکی زۆر باشمان کردووە لەم وەرزەدا دەستەی ڕاهێنەرانی یانەکەمان بەشێوەیەکی چڕ ڕۆژانە مەشقەکانیان ئەنجام دەدەن کە بۆ ماوەی دوو مانگ دەبێت، ئەم ســـاڵیش تیپێکی زۆر باشمان هەیە و چاوەڕوانی ئەوە دەکەین ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنین، لێرەوەش سوپاسی دەســـتەی کارگێڕی یانەکەمان دەکەین کە

هەموو ساڵێك لەگەڵ دەستپێكردنی وادەی خولی نایابی یانەكانی كوردستان، یانەكانی كوردستان دەست بە ئامادەكاریی دەكەن بۆ دەستنیشـانكردنی پێكهاتەیەكی شایستە بۆ چوونە نێو كێبڕكێیەكانی وەرزی نوێی خولەكە، یانەی (هەندرێن)یش هەموو ساڵێك بە كۆمەڵێك لە یاریزانانی لاوی یانەكە دەســت بە مەشــقەكانیان دەكەن بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەكە، ئەم وەرزەش یانەی هەندرێن بۆ ماوەی دوومانگ لە مەشــق بەردەوام بووە، بەڵام هەبوونی قەیرانی دارایی یانەكان بۆتە ڕێگر لە ئەنجامدانی كەمپی مەشقی لە دەرەوەی وڵات، لەگەڵ ئەوەشدا یانەكە متمانەیان بەخۆیان هەیە كە دەتوانن ئەنجامی شایستە لە وەرزی نوێی خولی نایابی كوردستان بەدەست بهێنین كە بڕیارە لە كۆتایی ئەم مانگە یارییەكانی بە بەشداری چواردە یانە دەست پێبكات، لە بارەی ئامادەكارییەكانی یانەكەش گۆڤاری گوڵان ڕاپۆرتێكی مەیدانی لە یەكەیەكی مەشقی یانەكە ئەنجامدا.



مانگانە پارەی خۆیان دابین كردووە بۆ سەرجەم یاریزانان ئەوەش جێگای دەست خۆشـییە، چونكە ئێسـتا هەرێم دووچاری قەیرانی دارایی بۆتەوە متمانەی تەواومان بە خۆمان هەیە كە بتوانین یانەی هەندرێـن هەر بە گەورەیی بمێنێتەوەو ئەنجامی شایسـتە لە وەرزەش بەدەست بهێنین».

فاخیر عەلـی راهێنەری گۆڵچیەكانـی یانەی هەندرێن سەبارت بە هەمان پرس و ئاستی ئامادەكارییەكانی یانەكەیان بۆ گوڵان گوتی: «ئەم سـاڵ بەشێوەیەكی زۆر باش خۆمان ئامادە كردووە بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی كوردستان، دەتوانم بڵێم گۆڵپارێزەكانمان لەوپەری ئاسـت بەرزیدان و شایسـتەی ئـەوەن پارێزگاری لە گۆڵـی یانەكەیان بكـەن، كۆمەڵێك گۆڵپارێزی لاومان هەیە لەسـەر ئاسـتی تەواوی تیپەكان، پاریش لاوترین گۆڵچی بـوو كە كەمترین گۆڵی لێكراوە لە خولەكە، هیچ كێشەو گرفتێكمان نییە لە ریزی یانەكەمان و پەنا بەخوا كێشە داراییەكانیش چارەسەر دەبـن، ئەوە بە یەكجاری گرفتمان نامێنێ، متمانەی زۆرمان بەو گۆڵچییانـە هەیە كە دەتوانیـن پارێزگاریی لە گۆڵی یانەكەمان بكەین».

سائیر سلێوە یاریدەدەری راهێنەری تیپی تۆپی پێی هەندرێنیش لە بارەی ئامادەكارییەكانیان گوتـی: «ئامادەكارییەكانمان یەكجار باشـە و ئەم وەرزە زوو دەسـتمان بە ئامادەكارییەكان كردووە بە ئامانجی ئەوەی بتوانین ئەنجامێكی شایستە بەدەست بهێنین لە وەرزی نوێ خولی نایابی كوردسـتان، هەرچەندە تیپەكەمان خاوەنی كۆمەڵێك یاریزانانی لاوی بەتوانایە، بەڵام ئێمەش توانای ئەوەمان هەیە كە ئەنجامی زۆر شایسـتە بۆ یانەكەمان بەدەست بهێنین، مەشقی بەردەوامان هەبووە و هیچ گرفتێكمان نەبووە، سوپاسی دەستەی كارگێڕیی یانەكەشمان دەكەین كە ئەوپەڕی هاوكاریی ئێمە و یاریزانانیان كردووە».



# لایکی کریستیانۆ گەیشتە ١٠٠ ملیۆن




ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جەماوەری ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆنالدۆ یاریزانی یانەی ریال مەدرید روو لە زیادبوون دایە، لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك ژمارەی لایکەکانی کریستیانۆ ڕۆنالدۆ گەیشتە ١٠٠ ملیۆن لایك، کریستیانۆ ڕۆنالدۆ یەکەم یاریزانە لە جیهان دەگاتە ئەم ژمارەیە، کە زۆر زیاترە لە ژمارەی هەندێك لەیانە گەورەکانی جیهان وەك بەرشلۆنە و ریال مەدرید، ئەمەش ریزبەندی زۆرترین ژمارەی لایکەکانی فەیسبوکە :

| | | |
|---|---|---|
| ١- | کریستیانۆ ڕۆنالدۆ | ١٠٠ ملیۆن لایك |
| ٢- | یانەی بەرشلۆنە | ٧٦,٨ ملیۆن لایك |
| ٣- | یانەی ریال مەدرید | ٧٥,١ ملیۆن لایك |
| ٤- | لیۆنیل میسی | ٧٣,٨ ملیۆن لایك |
| ٥- | مانچستەر یونایتد | ٥٩,٧ ملیۆن لایك |
| ٦- | نیمار داسیلڤا | ٤٧,٨ ملیۆن لایك |
| ٧- | فیفا ورلد کەپ | ٤٠,٧ ملیۆن لایك |
| ٨- | یویفا چامپیۆنزلیگ | ٣٨,١ ملیۆن لایك |
| ٩- | یانەی چێلسی | ٣٧ ملیۆن لایك |
| ١٠- | کاکا | ٣١,٩ ملیۆن لایك |

# بالەی ئافرەتان: ئەمریکا نازناوی مۆندیالی بەدەست هێنا

لەشاری میلانۆی ئیتالی یارییەکانی پاڵەوانیەتی جامی جیهانی لە یاری بالەی ئافرەتان کۆتایی هات و بۆ جاری یەکەم لە مێژوودا هەڵبژاردەی ئافرەتانی ئەمریکا نازناوەکەی بەدەست هێنا، لەیاری کۆتایی ئەم پاڵەوانەتیە هەڵبژاردەی ئەمریکا رووبەرووی هەڵبژاردەی چین بۆوە، لە دوای یارییەکی ئاست بەرزدا ئافرەتانی ئەمریکا بە ئەنجامی سێ گێم بەرامبەر بەگێمێك لە ئافرەتانی چینیان بردەوە یوونە پاڵەوانی مۆندیالی بالەی ئافرەتان، ئەنجامی گێمەکان ( ٢٧-٢٥، ٢٥-٢٠، ١٦-٢٥، ٢٦-٢٤ ) بوو . لەیاری دیارکردنی پلەی سێیەم و چوارەم هەردوو هەڵبژاردەی ئیتالیا و بەرازیل بەیەك گەیشتن، لەدوای یارییەکی بەهێزدا، ئافرەتانی بەرازیل پلەی سێیەمیان بەدەست هێنا دوای ئەوەی بەئەنجامی سێ گێم بەرامبەر بەدوو گێم لەئافرەتانی ئیتالییان بردەوە، ئەنجامی گێمەکان ( ٢٥-١٥، ٢٥-١٣، ٢٢-٢٥، ٢٢-٢٥، ١٥-٧ ) بوو شایانی باسە یارییەکانی مۆندیالی بالەی ئافرەتان بۆ جاری یەکەم لەساڵی ١٩٥٢ ئەنجامدرا و ئەو کات یەکێتی سۆڤییەت یەکەم نازناوی بەدەست هێنا.



## لویس سوارێز : خۆزگە دەرچووی قوتابخانەی لاماسیا دەبووم

ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئۆرگوای و یانەی بەرشلۆنە لویس سوارێز خۆزگەی ئەوەی دەخواست کەیەکێك بوایە لە دەرچووانی قوتابخانەی لاماسیا کە تایبەتە بە پێگەیاندنی یاریزانان لەیانەی بەرشلۆنە و ئاماژەی بەوەدا کەتووشی شۆك هاتووە کاتێك بۆیەکەمجار سەردانی ئەم قوتابخانەیەی کردووە . سوارێز لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری بەرشلۆنە گوتی: تووشی شۆك و سەرسوورمان هاتم لەدوای سەردانکردنم بۆ ئەم قوتابخانەیە، لەهەموو وردەکارییەکان سیستەم پەیرەو دەکرێت، بایەخ بەهەموو وردەکارییەکانی ژیان دەدرێت، تەنانەت بایەخ بە ئاستی خوێندن و خواردن دەدرێت . هەروەها سوارێز لەدرێژەی قسەکانی گوتی : لەراستیدا خۆزگەی ئەوەم دەخواست ئەندامێکی ئەو قوتابخانە بوومایە، هیوادار بووم دەرچووی ئەم قوتابخانە بوومایە، بێگومان دەبووە هۆکاری ئەوەی کەتوانای هونەریم بەرزتر دەبوو . جێگای ئاماژە پێکردنە سوارێز لە وەرزی گواستنەوەی هاوینە لەیانەی لیڤەرپولەوە پەیوەندی بەیانەی بەرشلۆنەوە کرد، بەڵام بەهۆی سزاکەی فیفاوە نەیتوانی بەشداری لەیارییە فەرمییەکان بکات و وا پێشبینی دەکرێت لە رۆژی شەممەی داهاتوو بەشداری لەیاری کلاسیکۆ بکات بەرامبەر یانەی ریال مەدرید .



# یانەی نەورۆز یاریزان ناکڕێت

هەرچەنـــدە یانەی نەورۆز ئەم وەرزە بە شـــێوەیەکی تۆکمە خـــۆی ئامادەکردووە بۆ چوونە نێو کێبڕییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردســـتان کە بڕیارە یارییەکانی لە کۆتایی ئەم مانگە دەســـت پێبکات، لەگەڵ ئەوەشدا یانەی نەورۆز بەردەوامە لە بەهێز کردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی بە ئامانجی بەدەســـتهێنانی باشـــترین ئەنجام لەسەر ئاستی یانە بەشـــداربووەکان، لەسەر داوای ڕاهێنەری یانەکە دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشـــی نەورۆز بڕیاری دا بە هێنانەوەی هەردوو یاریزانان (شکارموحسین،پرسیارعەبدولرەزا) کە پێشووتر هـــەردوو یانە لە ریزی یانەکە بوون، دواتریش لەســـەر داوای خۆیان یانەکەیان جێهێشـــتووە بۆ یانەی سلێمانی، بەڵام دوای ماوەیەك مانەوە لە ریزی یانەی سلێمانی جارێکیدی گەڕانەوە

# یانەی زاخۆ یاریزانەکانی ئاگادار دەکاتەوە





هەر چەندە یانەی زاخۆ لە یارییەکانی خولی تۆپی پێی نایابی عێراقـــی لە کۆی ئەنجامدانی ســـێ یاری تەنیا لە یەك یاری ســـەرکەوتنی بەدەســـتهێناوە لە دوو یاری یەك لەدوای یەکیش لەبەرامبەر هەریەك لە یانەکانی نەفتی جنوب و کەربەلا دووچاری شکســـتی چاوەڕواننەکراو بوو، لەگەڵ ئەوەشدا یانەی زاخۆ ئەم وەرزە گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری یاریزانان مۆرکردووە بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، بەڵام لە ئێستادا هاندەرانی یانە کە نیگەرانن بە بەدەستهێنانی دووشکستی لەسەر یەك، چەند دەنگۆیەکیش بڵاو بووەوە کە گوایە ڕاهێنەری یانەکە دووردەخرێتەوە، لەم بارەی ئەنجامە خراپەکانیش شڤان خەلیل لە ڕاگەیاندنی یانەی زاخۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تا ئێستا هیچ بڕیارێك نەدراوە لەســـەر ئەم شکستانەی یانەکە لە خولی عێراقی، ئێمە ناتوانین بڵێین تیپی زاخۆ خراپە و ناتوانین بڵێین زۆر باشە، بەڵام ئەم دوو ئەنجامە چاوەڕواننەکراو بووە بۆ یانەی زاخۆ چونکە ئەمســـاڵ بەنیازی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بووین، دوورخستنەوەی ڕاهێنەری تیپەکەشـــمان هیـــچ بنەمایەکی ڕاســـتی تێدا نییـــە و هیـــچ بڕیارێکی واها نـــەدراوە، بـــەڵام بڕیـــارە لـــە ڕۆژانـــی داهاتوو دەســـتەی کارگێڕیی یانەکەمان لەگەڵ یاریزانـــان کۆببێتەوە بـــە ئەنجامی دیاری کردنی شکســـتی یانەکەمان لـــەم وەرزی خولی عێراقی لە دوو یاری لەســـەریەك، بۆیە پێش بینی وەك سزایی داراییان بەسەر بســـەپێنرێت، چونکە ئەوان لە کاتی سەرکەوتن پاداشت دەکرێن، بۆیە لە شکستیش دەبێ سزا بدرێن، لەو بڕوایەشم لە یارییەکانی داهاتوو ئاستی یانەکان باشتربێت».



ریزی یانەی نەورۆز، لە بارەی گەڕانەوەی ئەم دوو یاریزانەش ئەرسەلان جەلال راهێنەری یانەی نەورۆز بە گۆڤاری (گوڵان) ی راگەیاند: «ئێمە بۆ ئەم وەزرە ئامادەکارییەکی باشمان ئەنجامداوە بۆ ئەوەی بچینە نێو کێبڕکێیەکانی وەرزشی نوێی خولی کوردستان کە بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگە بەڕێوە بچێت، پێشتریش هەریەك لە یاریزانان (شکارموحسین، پرسیارعەبدولرەزا) یاریزانی ئێمە بوون و داوایان لەمن کردووە کە ریزی یانەکە جێدەهێڵن، ئێمەش بەفەرمی ڕێگەمان پێداون، ئێستاش دوای کۆبوونەوەمان لەگەڵیان بە منیان راگەیاند کە ئارەزووی گەڕانەوە دەکەن بۆ ریزی یانەی نەورۆز. ئێمەش خۆشحاڵیی خۆمان دەربڕی، چونکە ئەوانە کوڕی یانەکەن و سوودی باش بە یانەکە دەگەیەنن».

# خولی نایابی کوردستان لە کۆتایی ئەم مانگە بەڕێوە دەچێت

هەرچەندە ئەمساڵ لە وادەی خۆیدا خولی نایابی یانەکانی کوردستان دواخرا، بەهۆی قەیرانی دارایی و بڕینی بودجە و موچە لەلایەن حکومەتی بەغدا، بەڵام دواجار یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان وادەی دەستپێکی خولی نایابی یانەکانی کوردستانی بە تەنیا دەستنیشان کرد. لەو بارەیەوە سەلام حوسێن سکرتێری یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان بە گۆڤاری گوڵانی راگەیاند «ئێمە لە کۆبوونەوەی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری ئەوەمانداوە کە کۆتایی ئەم مانگە وادەی دەستپێکی خولی نایابی کوردستان بێت، جگە لە ئاستی پێشکەوتووان هیچ خولێکی دی بەڕێوە ناچێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چونکە یانەکان کێشەی داراییان هەیە و ناتوانن بە یەك جار سێ تیپ بەشداری پێبکەن لە خولەکان، بۆیە سەیری بارودۆخی هەرێمی کوردستان دەکەین، بزانین چی بەسەر دێت، چونکە ئێستا یانەکان لە قەیرانی داراییدان»، لە بارەی بەڕێوەبردنی خولەکەش بە قەرز، سەلام گوتی: «ئێمە بای ئەوە پارەمان هەیە کە بتوانین خولی نایاب بەڕێوە ببەین و تووشی گرفتی دارایی نەبینەوە، لە دوای تەواوبوونی قۆناغی یەکەمی خولی نایابیش ئەوکات بڕیاری دیکە لە سەر خولەکانی دیکەش دەدەین».

